# پەیکەرەیەک لە دەمە دەمی ویڕاندا

یوونس ڕەزایی
(بۆکان)

با سوور داگیرسێ چراکەت
تا سەوز بێتەوە خاکێک
لە هەناویدا باڵندەیەک تاریک
باڵ لە باڵی بەرد دەسوێ...بەیانان

با ئاوەدان پەنجەرەیەک...کە دووپاتەی وێرانی نا
ئاوسی کاولاشێک...ماندووتر لە باران.

کورک کەوتووە دارستان لە بەفردا
وە دەخوێنێ کاتژمێرێکی زەرد
بە دیواری وەرزەکانەوە بە جێماو...

کاتت دەبم
ئەو ساتانەی ڕادەبری بە پێنووسمدا... وەک شیعر
باڵندەشت... تەرەی ڕەوەزێکی وەرەز
بە کاتی بێتهوٚڤێن... کە دەبارێ لە بێدەنگییەکی سپیدا
شەوانە
بە یادی ڕاین... پڕ لە غەریبی پاپۆڕە هەڵوەداکانی ئێوارە.



لە هێلانەشدا باڵێکم دیوە
نیوەی ساماڵ بە سیمایەوە پاییزە.

با بباریێ وێنەکانی چاوت لە سەر لاپەڕەی سبەینێ
بە دوو ڕەنگی غەریبەوە
وە باران داگیرسێ لە کۆڵانەکانی ئێوارەدا
لە سەر نەزمی کلیلەکانی پیانۆ
کە نیوەی باخ... لە سەمایاندا بەهار...

نم نم تەڕمی کرد..... تاریکی
یادگارەکانی کام باخ لە ئەلبوومی ئێستامدا ونە؟
با سەوز بێتەوە دەستت...کە کۆڵانێک لەو لای
بەهارەوە.... تەریک.

ڕەش داگەڕاوە دیوارەکانی مانگ
لە شەوێکی دوور و درێژتر لە هەنگاوەکانی سبەینێ
وە پەڵە پەڵە بووە ئاوێنەیەک...کە کێڵگەی خەنجەرە و
نیوەی خوێنی لاپەڕەکان...لە بیرەوەریدا...سەخڵەت.

دێمە دەر لە کالانی مەترسی
وەرەوە دالانەکانی دڵەڕاوکەی هەمیشە....
سوور داگیرسێنە برینم.

ڕەش دادەگەڕێ دیوارەکانی کۆشکێک... لە دوێنی...دەنا
کە هێلانەی کۆترێکی نادڵنیایە لە سامال
کاولاشی خەونێکی ڕەشە...بە تەعبیرێکی کەونەوە...لە
ڕەنگ.

لە دەمارمەوە دەلاقەیەکی سەوز
بە ڕووی قەڵایەکدا...کە خشتی لە خەون و باڵندە

لە چاوتەوە...پەنجەرەیەکی دی خەڵاتی تەنیایی دارەکان
وە دوور و درێژتر دەبێتەوە
بەسەرهاتی ئەو تاریکترین بەردەی لە دەستمدا کورکە
ئەو سەوزترین تەنیاییەی....لە دەفتەرەکانماندا...
ڕەشنووسی هەمیشە.

نیوەی چارەنووس لە گارەی هاویندا...شیعر.

ئەو بەردانە لە قەڵافەتی شووشەیی شەوێکدا دەچێنم
وە دادەرمێ لە چاوی ڕوونتدا دەزانم...
پەیکەرەیەک لە تاریک

تاقەتی ڕووبارێکی ڕەشم بەسەر چوو
با سوور داگیرسێ...چاویلکەکانت... کە حەشارگەی
هەتاوە.